# ئەو پرینتەرانەی حیبرەکەیان دەسڕێتەوە

کۆمپانیای توشیبا پرینتەرێکی نوێی بەرهەم هێناوە کە توانای سڕینەوەی ئەو کاغەزانەی کە پرێنت کراون سەرلەنوێ بسڕێتەوە و پرێنتیان بکاتەوە هەیە. بەداهێنانی ئەو تەکنۆلۆژییە نوێیە واتە سڕینەوەی حیبر و سوود لێوەرگرتنی جارێکی دیکەی کاغەزەکە، بودجەیەکی زۆر کە لەبواری بەرهەمهێنانی کاغەز و حیبردا سوودی لێوەردەگیرێت دەگەڕێتەوە. شێوازی کارکردی پرینتەرەکەی توشیبا وەك ئەو قەڵەمی Erasable pen دەچێت کە دەقەکە دەسڕێتەوە و توانای جارێکی دیکەی نووسینەوەی هەیە. بەهۆی ئەو پرینتەرەوە دەتوانیت هەتا ٥ جار سوود لەکاغەزە پرێنت کراوەکان وەربگری. توانایەکی گرنگتری ئەو پرینتەرە لەوەدایە ئەو کاغەزەی کە نیازی هەیە ناوەڕۆکەکەی بسڕێتەوە لەپێشدا سکانی دەکات و لەخۆیدا خەزن دەکات، بۆ ئەوەی کە ئەگەر جارێکی دیکە پێویستت بەناوەرۆکی دەقی سەر کاغەزەکە بوو پرێنتی بکاتەوە. هەرچەندە پرینتەرەکە هەتا ئێستا ڕەش و سپییە و ڕەنگە لەداهاتوودا ڕەنگیشی بەرهەم بێت.



# ultrabook چ جۆرە کۆمپیوتەرێکە؟



لەم چەند ساڵەی دواییدا گۆڕانکارییەکی زۆری بەسەر جیهانی کۆمپیوتەردا هات، لەسەرەتادا لاپتۆپەکان تا ڕاددەیەکی زۆر شوێنیان بەکۆمپیوتەری سەر مێز لەق کرد، بەڵام پێدەچێت لاپتۆپیش زۆر لەشوێنی خۆی نەمێنێتەوە، چونکە کۆمپیوتەری زۆری تەبلێت tablet پێدەچێت شوێنی لاپتۆپ بگرێتەوە، بەڵام ئایا تەبلێت دەتوانێت شوێنگرەوەیەکی باشی لاپتۆپ بێت؟ لەم دواییانەدا کۆمپیوتەری زۆری ئۆلترابووك (ultrabook). هاتۆتە بەرهەم. ئۆلترابووك نەوەیەکی نوێیە لەلاپتۆپ کە سووکتر، تەنکتر، بەهێزتر و خێراترن لەلاپتۆپ. لاپتۆپ و ئولترابووك چ جیاوازییەکیان هەیە؟ بۆ ئەوەی کە لاپتۆپێك وەك ئۆلترابووك بچێت دەبێ ئەو تایبەتمەندییانەی هەبێت.

بارستایی دەبێ کەمتر بێت لە٢٠ ملم. شوێنی DVD نەبێت. لەبەری هارد دیسکی گەورەی دەبێت لەSSD بۆ خوێندنەوەی زانیارییەکان سوود وەربگرێت. پرۆسیسەرەکەی دەبێت لەجۆری پێشکەوتووی Core i٥ یا Coreiv بێت. کێشەکەیان دەبێت نەگاتە کیلۆ و نیوێك. باترییەکان دەبێت ٥ هەتا ٨ کاتژمێر شەحنەکەی دانەبەزێت، هەربۆیە ئەو نەوە نوێیەی لاپتۆپ بەتەواوی شوێنی باوانیان دەگرێتەوە.

# ئامێرێک زیاتر لە خەیاڵ دەچێت



کۆمپیوتەری جاڵجاڵۆکە، یان بەواتا ئینگلیزیەکەی «computer spider». لەلایەن کۆمپانیایەکی سویدییەوە تەنیا بیرۆکەکەی داڕێژراوە، هێشتا بەشێوەی بە چڕی بەرهەم نەهاتووە. ئەگەر ئەو کۆمپیوتەر بەرهەم بێت ڕەنگە لەداهاتوودا شوێنی مۆبایل، لاپتۆپ و تەنانەت تەلەڤزیۆنیش بگرێتەوە.

کۆمپیوتەرەکە لەشێوەی ئاسایی خۆیدا وەك مۆبایلێك سوودی لێوەردەگیرێت. بەڵام کە لێککرایەوە، سێپایەیەك چێ دەبێت، کەلەودا پرۆژکتەرێك و کیبۆردێکی لەیزەری دەردەکەوێت. لەبەشی پێشەوەی کیبۆردە لەیزەرییەکە دیارە و لەپشتەوەشی ڤیدیۆ پرۆژکتەرەکە کە لەسەر مێزێك یان دیوارێك دەبێتە شاشە.

هەستەوەرەکانی ئەو کۆمپیوتەرە ئەو توانایەیان هەیە کە شوێن پەنجەی بەکارهێنەرەکە بناسێنن و تاکو بتوانن وەك کیبۆردێکی ڕاستەقینە سوودی لێوەربگیرێت. گەر ئەو بیرۆکەی داهێنانی ئەو هەمەکارەیە سەربگرێت، ڕەنگە شوێنی ئایپاد و ئایفۆن بگرێتەوە.

# کامێرایەکی بچووک و سەرنج راکێش

ئەو کامێرایەی کە وێنەکەی لێرەدا دەبینن بە بەراورد بەکامێرا دیجیتالییە پێشکەوتووەکان ڕەنگە شتێکی گرنگ نەبێت، بەڵام هەرئەوە کە سووکە و کێشی کەمە و تواناکەی لەئاست خۆیدا زۆرە، بایەخی خۆی هەیە.



کامێرای Kun one eye شاشەیەکی ٢ ئینجی هەیە، تایبەتمەندییەکانیشی ئەوانەن کە لەخوارەوە ئاماژەیان پێدەدەین. کامێراکە لەسەر شێوەی کامێرای DSLRـە. هەستەوەری ١٢ میگاپیکسلی هەیە. توانای فیلمگرتنی بەکوالیتی HD هەیە. زومی دیجیتالی X٤ـە. میکرۆ میمۆری دەخوێنێتەوە.




# پتەوترین و خۆڕاگرترین کامێرای وێنەگرتن

کۆمپانیای Pentax کۆمپانیایەکە هەمیشە تەکنۆلۆژیای پتەو و خۆڕاگر لەئاست زەربە، کەوتنە خوارەوە، ئاو و تۆز و خۆڵدا بەرهەم دێنێ. ئەمجارەیان نوێترین کامێرای بەرهەم هێناوە کە بەجۆری ٢-Optio WG و ٢GPS-Optio WG ناسراون. ئەو ڤێرژنەی کە سیستەمی GPS لەســـەرە دەتوانێت شوێنی بەکارهێنەرەکە نیشان بکات و هەروەها توانای دەست گەیشتن بەسایتی تایبەت و هەندێك پرۆگرامی هەیە.


کامێراکـــە توانای وێنەگرتنی بەکوالیتی ١٦ میگاپیکســـل هەیە، هەروەها دەتوانێت وێنەی مایکرۆ بگرێت. شاشەکەی لەجۆری LCD و سێ ئینجە. ئەو تایبەتمەندانەی ئاماژەمان پێدان زۆر گرنگ نین، ئـــەوەی کامێراکە جیا دەکاتەوە لەکامێـــرای دیکە ئەوەیە کە بەهیچ شتێك تێك ناچێت، ئەگەر لەتەلارێك ڕا بکەوێتە خوارێ، یان بکەوێتە ناو ڕووبارێك، یان لەچیادا وەبەردی چیا بکەوێ هیچی لێ نایە. هەتا ئەگەر بکەوێتە ژێر تایەی ئۆتۆمبێلیش تێکچوونی نییە.



# بە هەر زمانێک حەزت لێ بێ گفتوگۆ بکە

پەندێـــك هەیە دەڵێت چەندە زمـــان بزانیت، ئەوەندە مرۆڤەی. کۆمپانیای مایکرۆســـۆفت ئەو خەونەی بۆ هەموو کەس هێناوەتەدی کە بەهەر زمانێك نیازیان هەیە بتوانن گفتوگۆ بکەن، بەبێ ئەوەی هیچ لەو زمانە بزانی. بەهۆی پرۆگرامی text-to-speech بەکارهێنەر دەتوانێت دەقەکەی خۆی کە بەهەر زمانێك نووســـیویەتی بیخاتە ناو سیســـتەمی کۆمپیوتەر و پاشان هەر ئەو دەقە بەزمانێکی دیکە وەربگێڕێت. جیاوازی ئەو پرۆگرامە لەگەڵ پرۆگرامەکانی دیکە ئەوەیە کە ئەو دەنگەی لەسیستەمەکە دێتەدەر، دەنگێکە کتومت وەك دەنگی خۆت دەچێت. یانی وەك ئەوەی کە تۆ بی بەو زمانە بئاخڤی.

مایکرۆســـۆفت دەڵێت ئەو پرۆگرامە پێویستی بەیەك کاتژمێر هەیە تا تۆنی دەنگەکەت بناسێ. پرۆگرامەکە هەتا ئێستا دەتوانێت کرداری وەرگێـــڕان بۆ ٢٦ زمان ئەنجـــام بدات، هەرچەند بەداخەوە زمانی کوردی لەڕیزی ئەو زمانانەدا نییە و ڕەنگە لەداهاتوودا بۆی زیاد بکرێت.



# پانتۆڵیش بوو بەخاوەنی کیبۆرد

ئەوەی لەو وێنەیەدا دیارە ڕەنگە تا ڕاددەیەك زیاتر وەك گاڵتە بچێت، بەڵام ئەمە واقیعێکە و بوونـــی هەیە، کیبۆردی پانتۆڵی!! تەکنۆلۆژیای نوێ بەرەبەرە لە جلوبەرگیشـــدا شـــوێنی خۆی دەکاتـــەوە، وەك پێـــڵاوی GPS کە هە م شـــوێنی ڕۆیشتنەکەت دەستنیشـــان دەکات و هەم هەنگاوەکانت دەژمێرێت، هەروەها تیشـــێرتی میدیا پلەیەر کە لەکاتی ڕۆیشـــتندا مۆسیقا بڵاودەکاتەوە، لەگەڵ ئـــەم پانتۆڵەی کە ئەرکـــی کیبۆرد ئەنجام دەدات. کیبۆردی سەر پانتۆڵەکە لەڕێگای بلوتوسەوە بەئامێرەکانەوە پێوەنـــد دەدرێت. جگە لەکیبۆرد دوو بڵندگۆی بچووکیش لەسەر پانتۆڵەکە هەیە. چونکە کیبـــۆرد بەبێ ماوس نابێت، بۆیـــە دیزاینەری ئەم پانتۆڵە شوێنی ماوسەکەشی لەیەکێك لەگیرفانەکاندا کردۆتەوە.



# ئیمێلەکانت پاش خوێندنەوە دەسڕێنەوە

حەز دەکەی ئیمێلەکەت کە بۆ کەسێکی ڕەوانە دەکەی، پاش ئەوەی کە خوێندرایەوە دەستبەجێ بسڕێتەوە، یانی ئیمێلەکەت تەنیا یەکجار بخوێندرێتەوە، بۆ ئەوەی کە دواتر نکۆڵی لەناردنی ئیمێلێکی وا بکەی و هیچ بەڵگەیەکیش لەدەستدا نەبێت کە ئیمێلەکە تۆ ناردوتە.

سایتی onetimesecret ئەو خزمەتگوزارییەی هەیە کە بەکارهێنەر دەتوانێت، دەقێك، لینکێك، یان نهێنییەك یا هەرشتێکی کە نیازی هەیە بۆ کەسانی دیکەی بنێرێ و پاش خوێندنەوەی بابەتەکە دەستبەجێ بسڕدرێتەوە. ڕەنگە ئەوە باشترین شێواز بێت بۆئەوەی کە نەتەوێ کەسێك پەی بەو نهێنییە بەرێ کە تۆ بەڕێت کردووە.



# ئامێرێک بۆ ئەوانەی کەلوپەلەکانیان بزر دەکەن



لەم ڕۆژانەدا کاتێك کە سویچی سەیارەکەم بزر بوو، زۆر بەدوادا دەگەڕام و لەبەرخۆمەوە خۆزگەم دەخواست خۆزگە گشت کەلوپەل و پێداویستییەکانی ڕۆژانە تەکنەلۆژییەکیان دەبوو کە بە داگرتنی دوگمەیەك زانیبامان ئەوەی لێمان بزر بووە لە کوێیە و بۆ ئەوەی بەدوادا نەگەڕێین. کۆمپانیایەك ئەو ئاواتەی ئێمەمانانی هێناوەتەوە دی و ئامێرێکی بەرهەم هێناوە کە بە بە سوود وەرگرتن لە مۆبایلە هۆشمەندەکان و تەکنەلۆژیای FRID بە ئاسانی دەتوانی، سویچ و کلیلەکان، ریمۆت کۆنترۆڵەکان، شەحنکەرەوەی مۆبایل یان هەر ئامرازێکی بچووکی دیکە کە بزر دەبن بدۆزیەوە. لەگەڵ ئامێرەکەدا چەندین لەزگەی ئەلکترۆنی هەیە کە دەکرێ لە کەلوپەلەکانی بدەی بە داگرتنی دوگمەی سەر مۆبایلەکە شوێنی کەلوپەلەکە نیشان دەدات. لەزگە ئەلکترۆنییەکان بە شوردنیش تێك ناچن. سیستەمەکە بریتییە لە سکاینەرێکی تایبەت، پرۆگرامێك و چەندین لەزگەی ئەلکترۆنی.

# کیبۆردی لەیزەری تایبەت بە مۆبایل

کیبۆرد یان تەختەی دوگمەکان، چ بۆ کۆمپیوتەر چ بۆ مۆبایل یا تەبلێت ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت، چونکە بەکارهێنەر لەڕێگای ئەو دوگمانەوە دەتوانێت فەرمانەکانی خۆی بەئامێرەکە بدات، یان بابەتەکانی تایپ بکات.

کیبۆردی لەیزەری هەرچەندە بەفرەیی پەرەی نەسەندووە، بەڵام چەندین ساڵە بەرهەم هاتووە. لەم دواییانەدا کۆمپانیایەك کیبۆردێکی لەیزەری تایبەت بەمۆبایل و تەبلێت هێنایە بەرهەم. کیبۆردەکە کە هەم وایەرلەیسە و هەم لەیزەرییە بەجۆری TK-PBL٠٤٢BK ناسراوە، دەکرێت وەك ماوسێکیش سوودی لێوەربگیرێت.



هەروەك لەوێنەکە ڕا دیارە ئەو کیبۆردە تیشکێکی سوور لەسەر مێز یان شوێنێکی تەخت نیشان دەدات، بەکارهێنەر بەداگرتنی هێمای پیتەکە کە بەتیشك لەسەر مێزەکە نیشان دەدرێت دەتوانێت تایپ بکات یان فەرمانێك ئەنجام بدات، بەکارهێنەر دەتوانێ بەهۆی ئەو کیبۆردەوە لەخولەکێکدا ٣٥٠ وشە تایپ بکات.

# ئاوێنەی سیحری دیجیتالی

لەچیرۆکی (دەنکە هەنارە)دا دەبینین کە شاژنی باوەژن ئاوێنەیەکی سیحری هەیە و ڕووداوەکانی بۆ دەگێڕێتەوە. پێدەچێت زانایانی بواری ئایتی ئەم خەیاڵەیان بەڕاست گێڕابێ بەبەرهەم هێنانی ئاوێنەی سیحری دیجیتالی.

ئاوێنەیەکی سیحری بەرهەم هاتووە کە لەتەکنۆلۆژیای سێ ڕەهەندی سوودی وەرگرتووە. ئاوێنەکە لەڕاستیدا تەلەڤزیۆنێکی گەورەی پلاسمای ٥٨ ئینجییە کە چەندین کامێرای فیلمگرتنی لەسەر داندراوە. بە ڕاوەستان لەسەر ئاوێنەکە وێنەیەك لەوکەسەی لەبەرامبەری ڕاوەستاوە نیشان دەدات پاشان ئەو جلوبەرگانەی کە نیازی هەیە دەبەریان بکات بەداگرتنی فەرمانی تایبەت بەجلوبەرگەکە لەسەر ئاوێنەکە وێنەی کەسەکە نیشان دەدات کە جلوبەرگەکەی لەبەردایە. ئەو ئاوێنەیە زیاتر بۆ فرۆشگاکانی جلوبەرگ سوودی لێوەردەگیرێت، ئیدی کڕیار ناچێتە ژوورێك جلەکە دەبەربکات و تاقی بکاتەوە، بگرە هەرکە چاوی لەئاوێنەکە کرد و جلوبەرگی مەبەستی خۆی هەڵبژارد لەئاوێنەکەدا بەو جلوبەرگە دەردەکەوێت.




خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت، من ماوەیەکی زۆرە خولیای فەیسبووکم، کاتە بێکارییەکانی خۆم دەچمە سەر هێڵی ئینتەرنێت و فەیسبووکەکەم دەکەمەوە، پرسیارێکم سەبارەت بەفەیسبووک بۆ هاتۆتە پێش، ئەویش ئەوەیە زۆر جاران کە پرۆفایلەکەم دەکەمەوە ژمارەی "هاوڕێیان"م کەمبوونەتەوە، نازانم کامەیان منی لەلیستەکەی خۆی دەرهاویشتووە؟ ئایا ڕێگایەك هەیە بزانم کە چ کەسێك لە"هاوڕێیان" منی لەلای خۆی سڕیوەتەوە؟

خوێنەری بەڕێز پرسیارەکەت لەشوێنی خۆیدایە، دیارە ئەو کەسەی کە نیازی نییە هاوڕێیەتیت بکا ئەویان مەیلی خۆیەتی، بەڵام ئەگەر حەز دەکەی کام کەس تۆی لەلیستی "هاوڕێیان" دەرخستووە. ئاسانترین ڕێگا ئەوەیە کە پرۆگرامێکی زۆر بچووك بەناوی Unfriend finder کە بەئاسانی بەهۆی سێرچ لەگوگڵ دا دەیدۆزیەوە، دایبەزێنە و دواتر لەسەر شریتی فەیسبووکەکەت فەرمانێکی زیادی دروست دەبێت بەو ناوە.. واتە ئەو شوێنەی کە هاتنی مەسیج، یا داوای دۆستایەتی کردن یان ئاگادار کردنەوە هەیە، لەو شوێنەدا فەرمانێك زیاد دەبێت ناوی ئەو کەسە دەنووسێت کە تۆی لەلیستەکەی خۆی دەرخستووە. جگە لەوە لەو بەشەدا ناوی ئەو کەسانەش دێت کە داوای دۆستایەتی تۆیان ڕەتکردۆتەوە یان پرۆفایلەکەی خۆیان گۆڕیوە..

# فایلە PDFەکانت بە کتێب ببینە




فۆرماتی PDF دەکرێ بڵێن باشترین فۆرماتە بۆ ئەو دەقانەی کە نیازت نییە دەستکاریان بکەی و وەك کتێب یان نامیلکە بیان بینی. بەڵام خوێنەر زیاتر چێژ لەخوێندنەوەی کتێبێك وەردەگرێت کە لاپەڕەکانی وەك کتێبی ئاسایی هەڵبدرێنەوە.. بەم دواییە پرۆگرامێك بەناوی Soda FDF ٣D Reader بەرهەم هاتووە کە سەرەڕای ئەوەی کە شوێنێکی زۆر لەکۆمپیوتەردا داگیر نەکات، باشترین جێگرەوەیە بۆ پرۆگرامی Adobe reader. پرۆگرامەکە توانای نیشاندانی فایلەکانی PDF بەشێوەی کتێب هەیە. یانی وەك کتێبێك لاپەڕەکان هەڵدەدەیەوە.

پرۆگرامەکە زۆر بەئاسانی فایلە دەقییەکان دەکاتە PDF و هەروەها لەسەر خودی پرۆگرامەکانی word، excel، PowerPoint فەرمانەکانی تایبەت بەو پرۆگرامە دروست دەبن. جگە لەوەش دەتوانێت فایلە PDFەکانیش بکاتەوە فایلێکی دەق یان وێنە، هەروەها توانای دەستکاری کردنی فایلەکانی PDFیشی هەیە.

